# زۆر لە پیاوان پێگەیشتوون وکامڵبوون، بەڵام هیچ لە ئافرەتان پێنەگەیشتن وکامڵ نەبوون جگە لە: ئاسیەی هاوسەری فیرعەون، ومەریەمی کچی عیمران، وفەزڵ وپلەپایەی عائیشە بەسەر ئافرەتانەوە وەکو فەزڵی نانەوڵاوە بەسەر خواردنەکانی ترەوە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «زۆر لە پیاوان پێگەیشتوون وکامڵبوون، بەڵام هیچ لە ئافرەتان پێنەگەیشتن وکامڵ نەبوون جگە لە: ئاسیەی هاوسەری فیرعەون، ومەریەمی کچی عیمران، وفەزڵ وپلەپایەی عائیشە بەسەر ئافرەتانەوە وەکو فەزڵی نانەوڵاوە بەسەر خواردنەکانی ترەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەوانەی کە گەیشتوون بە ئەوپەڕی پلەی پێگەیشتن وتەواوی لە فەزڵ وپلەپایە ئاینی وڕەوشتیەکان زۆرن لە پیاوان، وتێیاندایە گەیشتووەتە بە پلەی کامڵبوون لە زانایان وپیاوچاکان وئەولیاکانی خوای گەورە، وتێیاندایە گەیشتووەتە ئەوپەڕی بەرزی پلەی پێگەیشتن وکامڵبوون لەم فەزڵە بەرزانەدا ئەوانیش پێغەمبەرانن -علیهم السلام-، بەڵام ئەوانەی کامڵبوون لە ئافرەتان زۆر کەمن؛ لە نێوانیاندا: 1/ ئاسیەی کچی موزاحیم کە خوای گەورە وەکو نمونە باسیکردووە لە کامڵبوونی لە ئیمانیدا، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ إِذْ قَالَتْ رَبِّ ٱبْنِ لِى عِندَكَ بَيْتًا فِى ٱلْجَنَّةِ وَنَجِّنِى مِن فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِى مِنَ ٱلْقَوْمِ ٱلظَّٰلِمِينَ} [التحريم:11] واتە: {(هەروەها) خودا نموونەیەکی تری هێنایەوە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە (بە) ژنی فیرعەون کاتێك کە ووتی پەروەردگارم بۆم دروست بکە لای خۆت ماڵێك لە بەهەشتدا وە ڕزگارم بکە لە فیرعون وکردەوەکانی وەڕزگارم بکە لە گەلی ستەمکاران}، چونکە ئاسیا باوەڕی بە موسا هێنا کاتێک سەرکەوت بەسەر ساحیرەکانی فیرعەوندا، وکاتێک فیرعەون زانی ئیمانی هێناوە؛ بە توندی سزای دا هەتاوەکو لەسەر ئیمانەکەی مرد. 2/ مەریەمی کچی عیمران کە خوای گەورە وەکو نمونە باسیکردووە ولە ئافرەتە خۆپارێزەکان بووە لە تاوان وخراپەکان، وهەروەها زۆر ملکەچی فەرمانەکانی پەروەردگار بووە وزۆر پەرستنی ئەنجامداوە -علیها السلام-، پاشان -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: (فەزڵ وپلەپایەی عائیشە بەسەر ئافرەتانەوە وەکو فەزڵی نانەوڵاوە بەسەر خواردنەکانی ترەوە): نانەوڵاو لە بەناوبانگترین خواردنەکانە لە نێو عەرەبەدا ئەمیش لە نان وگۆشت وشلەکەی پێکهاتووە، فەزڵ وپلەپایەی عائیشە بەسەر ئافرەتانی ترەوە وەکو فەزڵی نانەوڵاوە بەسەر خواردنەکانی ترەوە.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee